# دوو چیرۆكی عەزیز نەسین



## - چیرۆكێكی چینی: خاڵە شیان ڤوو
## - وڵاتێكی چەند خۆشە!

لە توركییەوە: بەكر شوانی

# چیرۆکێکی چینی: خاڵە شیان ڤوو

باوکی خۆم هەرگیز نەدیتبوو. ئەو کاتەی دایکم بە منەوە دووگیان بووە، باوکم لە شەڕ کوژراوە. خاڵە شیان ڤووشم هەر لە شەڕ بووە. دایکم لەو ساڵە دژوارانەی شەڕدا چەرمەسەریی زۆری چێشتووە. کاتێک خاڵم لە شەڕ گەڕاوەتەوە، من سێ ساڵان بووم. بە پەککەوتەیی لە شەڕ گەڕابووەوە. پێم وابێت لە سۆنگەی پەککەوتنیەوە بوو نەیتوانیبوو ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێت.

ئێوارەیەکی گەرمی هاوین بوو. خۆری زەبەلاح و سووری رەنگ مسین بە گەورەیی سینییەک لە ئاوابووندا بوو. خاڵە ڤووم هەمیشە لەو ساتانەدا لەژێر ستارەی یاسەمینی سەربانەدا دادەنیشت و ئارەقی ئاوی برنجی دەنۆشی. کاتێک ئارەقی دەخواردەوە، وەک پادشا وابوو، نەیدەویست کەس لە زەوقی بدات.

دایکم، خوانی خواردنەوەی بۆ خاڵم ڕازاندبووەوە. خاڵم دەستەکانی شۆری و ڕێک لەوەدا بوو لەسەر خوان دابنیشێت، لەو دەمەیدا دایکم گوتی پاسەوان یوانگ شی هاتووە و خوازیارە چاوی پێ بکەوێت. خاڵم بە هاتنی پاسەوان لەم ساتەدا تووڕە بوو، بێ ئەوەی لە شوێنی خۆی هەڵسێت، لە سەربانەوە بۆ خوارەوە بانگی کرد:

– بەخێر بێیت شی… چ بووە، چت دەوێت؟

هەموو کەسانی تریش وەک من خاڵمیان بە خاڵە ڤوو بانگ دەکرد. پاسەوان شی گوتی:

– خاڵە ڤوو دێیت بۆ پۆلیسخانە، لەوێ داوات دەکەن.

خاڵم گوتی:

– باشە، سبەی بەیانی زوو دێم.

پاسەوان شی بۆ ئەوەی خاڵم ببینێت، چووە ناوەڕاستی کۆڵان و سەری بەرەو سەربان بەرز کردەوە و گوتی:

– سبەی بەیانی نابێت، دەبێت هەر ئێستا بێیت!

خاڵم، بێ ئەوەی شێوەی دانیشتنی خۆی تێک بدات، پرسی:

– بۆچی سبەی بەیانی نابێت؟

– چونکە قۆمیسەر وای گوت.

– من لەم ساتەدا ناتوانم بۆ هیچ لایەک بڕۆم. سڵاوم بە قۆمیسەر بگەیەنە و پێی بڵێ سبەی بەیانی زوو دێم.

– نابێت خاڵە ڤوو. من هەر ئێستا دەتبەم.

خاڵم بەدەم هاوارەوە گوتی:

– نایەم!

– چۆن نایەیت؟

– دە ئەوەتانێ سەیرکە، وەک دەبینیت، نایەم. حاڵی بوویت؟

پاسەوان شی نەڕاندی:

– دێیت!

خاڵم بە دەنگێکی بەرزتر نەڕاندی:

– نایەم، بڕۆ ون بە لەبەرچاوم!

– کورە پێویستە بێیت!

خاڵم لەپڕ چەند مژێکی لە ئارەقەکەی دا، دوای ئەوەی لە دەمیدا غەرغەرەیەکی پێ کرد، گوتی:

– زەوی و ئاسمان لێک بدات کەس ناتوانێت لێرە هەڵمسێنێت.

پاسەوان شی گوتی:

– بڕوانە خاڵە ڤوو، چەندین ساڵە دەتناسم، لە کەللەم مەدە!

خاڵم قومێکی تریشی لە ئارەقەکەی خواردەوە و گوتی:

– جا وا لە کەللەیشم دایت، چت لە دەست دێت...؟

ماڵە هاوسێکان لە سەربانەکانی خۆیان گوێ قوڵاغ بووبوون و هەستیان بۆ شەڕە قسەی نێوان خاڵم و پاسەوان شی ڕاگرتبوو.

پاسەوان شی گوتی:

– واتا تۆ ئێستا بەرەنگاری پاسەوانی دەوڵەت دەبیتەوە؟

ئەوانی سەربانی ماڵە هاوسێکان هەستانە سەرپێ و زیاتر تامەزرۆی گوێگرتن بوون.

کاتێک خاڵم بەیەکێک لەو جنێوە مزرانەی، کە هەر لە خۆی دەوەشایەوە، هاتە گۆ و گوتی: "کورە بنێمە پاسەوانی وەک تۆ و لەوەشی تۆی کرد بە پاسەوان...." ئەوانەی سەر

سەربانەکان خۆیان بۆ رانەگیرا و دایانە قاقای پێکەنین.

پاسەوان شی گوتی:

– ئەگەر پیاویت، جارێکی تریش ئەو قسەیەت دووبارە بکەرەوە.

کاتێک خالم جاری دووەم جنێوێکی مزرتری پێ دا، ئەوانەی سەر سەربانەکان کە دەمیان بە پێکەنین بوو بەوەشەوە نەوەستان و دایانە قاقا سەیر ئەوە بوو پاسەوان شی-ش لەگەڵ ئەواندا پێدەکەنی. ئەوەی پێ نەدەکەنی، خالم بوو.

پاسەوان شی گوتی:

– تۆ ئێستا فەرمانی قۆمیسەر پشتگوێ دەخەیت؟

خالم، پاش ئەوەی مژێکی تری لە ئارەقەکەی دا و بە ناولەپی دەستی راستی دەستێکی بە تاڵە تاک و تەراکانی سمێڵیدا هێنا، بە گوتنی: "خۆیشت و قۆمیسەریشت دەگ..." دەستی بە بەخشینەوەی جنێو کرد.

– واتا تۆ ئێستا گوێرایەڵی حکوومەتیش نابیت، وا نییە؟

خالم لەو کاتەدا تازەترین جنێوی ناو پاکەت و تایبەتی خۆی بەدوای یەکدا ریز دەکرد. هاوسێکانی سەربان هاواریان لێ بەرز بووەوە:

– خاڵە ڤوو، ئێمە لێرەوە گوێمان لێ نییە. قایمتر هاوار بکە!

پاسەوان شی گوتی:

– تۆ یاساکانیش پێشێل دەکەیت...

– کورە هەی ک.... بەو یاسانەش، بەوانەش کە ئەو یاسایانەیان داناوە...

لەو ئێوارە گەرمەی هاویندا قاقا و پێکەنین بێ پسانەوە لە سەربانەکان دەنگی دەدایەوە. هەندێک دەستیان بە سکیانەوە گرتبوو و پێدەکەنین، برێکیشیان لەتاو پێکەنین کەوتبوونە سەر گازەرای پشت و لە سەربانەکان خوولیان دەخوارد. دەنگی ژنێک درزی خستە قاقاکانەوە.

– وای خاڵە ڤوو، ژێر خۆمم تەڕ کرد... خەریکە دەبوورێمەوە خاڵە ڤوو.

هیچ جنێوێکی خالم لە جنێوەکانی پێشووتری نەدەچوو، هەر جارێک جنێوی نوێی دادەهێنا و لە سەرانسەری تایوان کەس نەبوو لەم کارەدا شان لە شانی خالم بدات.

پاسەوان شی خالمی قەڵس کردبوو، ئەویش جنێوی ریز دەکرد و دەیگرتە پاسەوان،

قـۆمـیـسـەر، پـۆلیـسـخـانـە، حکـوومـەت، یاسـا و کێ و چی. دایکی دامـاویشـم لە ترسـاندا هەڵدەلەرزی، بەڵام ئەوانەی سەر سـەربانی ماڵە هاوسێکان لەگەڵ هەر جنێودانێکی خاڵمدا چەپڵەیان لێدەدا.

من ئەو سەردەمە تەمەنم حەڤدە ساڵان بوو. خاڵم خۆی ڕاگرت، ئەو ئێوارەیە زەوقی خۆی نەشێواند و نەچوو بۆ پۆلیسخانە. بۆچی؟ نازانم. سا یان لە ترسـاندا یاخۆ لەبەر شـەرم. ڕۆژی دوایش نەچوو بۆ پۆلیـسـخـانـە. ئەگـەر بچـووبایـە، من دەمـزانی؛ چونکە لـەبەرئەوەی کەمئەندام بوو، خۆم بۆ هەموو جێیەکم دەبرد.

ئێوارەی ڕۆژی دواتر، کاتێک دیسـان خـۆری زەبـەلاح و سـووری ڕەنگ مـسین بەگـەورەیی سـینییـەک لە ئاوابووندا بوو، دایکم، خـوانی خـواردنەوەی خـاڵمی ڕازاندبووەوە. خـاڵم تازە قومێکی لە ئارەقەکەی ئاودیوی گەدەی کردبوو، لەو کاتەدا لە خوارەوە دەنگی پاسەوان شی بیسترا:

– هێێێی خاڵە ڤوو، ئێوارە باش... وەخۆ کەوە، پێویستە بێیت بۆ پۆلیسخانە...

خاڵم وەڵامی دایەوە:

– شی، لەم ساتەدا زەوقی خۆم تێکنادەم و ناتوانم بۆ هیچ لایەک بڕۆم.

ڕێک درێژەیان بە گفتوگۆکەی ئێوارەی ڕۆژی پێشـووتر دا. پاسـەوان شی خـاڵمی گـەرم دەکـرد و ئەویش جنێـوی دەدا. دیسـان لـە سـەربانی مـاڵە هاوسـێکانەوە دەنگی قـاقـا بەرز بووەوە. ئەمـجـار جنێوەکانی خاڵم درێژتر بوون. ئێـوارەی سێـهـەمـیش هەروا بوو و هـەمـان شت ڕوویدا... هاوسێکان هێندە لەگەڵ بەزمی ئەو سـاتانەی ئێوارەدا ڕاهـاتبوون، بەجۆرێک ئەگەر پاسەوان شی ئێوارانێک تۆزێک دوابکەوتایە، دەستیان دەکرد بە باس کردنی:

– ئەرێ پاسەوان شی ئەم ئێوارە بۆ دیار نییە؟

– ئەم ئێوارەیە دواکەوت...

– کەسێک بنێرین بانگی بکات؟

کـاتێک پـاسـەوان شی دەهـات، ئەوانەی دەیـانبـینی، بـەدەست ئامـاژەیان بـۆ دەکـرد و دەیانگوت:

– ها ئەوەتا هات...

جـاری وا هـەبـوو بۆ گـوێگرتن لە جنێـوەکـانی بـاپیـرم و وەڵامـەکـانی پـاسـەوان شـی، دانیـشـتـووانی گـەڕەکـانی تریش دەهاتنە گـەڕەکی ئێمـە و سـەربانی مـاڵەکـان پڕ دەبوو لە

میوان.

دایکم ئیدی ڕاهاتبوو. وەک جاران بەدەم ترسەوە نەدەلەرزی و نەدەگریا، بێدەنگ دادەنیشت و گوێی دەگرت، بگرە جاروبار خۆی بۆڕانەدەگیرا و تێکەڵ بە قاقای هاوسێکان دەبوو.

ئەم بەزمە، بەمجۆرە دوو هەفتە و بگرە زیاتریشی خایاند. کەسێک لە پۆلیسخانە زمانی لە خاڵم دابوو و نەزانرا هەواڵدەر کێ بووە. هاوسێکان بێ تاقەت بووبوون و دەیانگوت: "ئاخ، ئەگەر دەمانزانی ئەو هەواڵدەرە کێیە!" تەواو ئاشکرا بوو کە پاسەوان شی هەواڵی نەداوە، بگرە جنێوەکانی خاڵمی بۆ قۆمیسەر نەگێڕابووەوە، ئەگەرچی ئەمە بەشێکیش بوو لە کارەکەی. تەنانەت ئێوارانێک هاتە ماڵمان و بە خاڵمی گوت بەم هەواڵ لێدانە زۆر غەمگین بووە و داوای کرد بەهیچ جۆرێک گومانی لێ نەکرێت.

خاڵم لەبەردەم خوانەکە دانیشت، ئارەقی پێشکێش شی کرد، غەمی شیی ڕەواندەوە و گوتی:

– شی، هیچ دڵگران مەبە. گرینگ نییە.

من خاڵی کەمئەندامم برد بۆ پۆلیسخانە. قۆمیسەر، کە خاڵمی دەناسی، گوتی:

– بەخێرهاتن خاڵە ڤوو. هەواڵت لێ دراوە. گوایە تۆ جنێوت بە یاسا، گەورەکانمان، حکوومەتمان، پارێزگاری گشتی و هەموو کەسێکی تر داوە. تەنیا جارێکیش نا، بەڵکو گشت ئێوارانێک... ئەم هەواڵ لێدانە ڕاست نییە، وا نییە خاڵە ڤوو؟

خاڵم گوتی:

– نا، ڕاستە؛ جنێوم داوە.

قۆمیسەر گوتی:

– باش بیر بکەرەوە، هەوڵ بدە بیرت بکەوێتەوە. تۆ جنێوت نەداوە، چونکە هیچ کام لە هاوسێکانت گوێیان لێ نەبووە جنێوت دابێت.

خاڵم گوتی:

– زۆر سەرم سوڕماوە. خۆ من بە دەنگی بەرز و بەدەم هاواریشەوە جنێوم داوە.

پۆلیسەکانی پۆلیسخانە بە هاتنی خاڵمیان زانیبوو و هەموویان لە ژووری قۆمیسەر گردبووبوونەوە. ئەوانەشی لە ژوورەوە جێیان نەبووەوە، لە ڕێڕەوەکەدا ریز بوون و لە دەرگا

کراوەکەوە گوێیان لە خاڵم گرتبوو.

قۆمیسەر گوتی:

– ئەمە چۆن رووی دا؟ بۆمان بگێڕەوە...

خاڵم بێ پێوەنان گشت شتێکی وەک ئەوەی بووە، دەگێڕایەوە. قۆمیسەر دەیپرسی: جنێوت بەمەش داوە؟ خاڵم دەیگوت:

– بەڵێ، بەویشم داوە.

– باشە چۆن جنێوت پێ دا؟

خاڵیشم چۆن جنێوی دابوو، بەهەمان شێوە جارێکی تریش لەبەردەم قۆمیسەر دووبارەی دەکردەوە. ئەگەر ناوبەناو لە پرسیارەکانی قۆمیسەردا ناوی کەسێک بهاتایە و ئەم جنێوی پێ نەدابێت، خاڵم دەیگوت:

– ئا، ئەوم لەبیر چوو.

قومیسەر بە خاڵمی گوت رۆژی دواتر وەرەوە. رۆژی دوایی خاڵم بردەوە پۆلیسخانە، گشت شتەکان کتومت وەک رۆژی پێشووتر تێپەڕین.

– خاڵە ڤوو، جنێوت بە فلانیش دابوو؟

– بەڵێ، دابووم.

– جنێوی چۆنت پێ دا؟

خاڵیشم چۆن جنێوی دابوو، بەهەمان شێوە دووبارەی دەکردەوە.

ئەمەش بەمجۆرە چەند ڕۆژێکی خایاند. دواجار قۆمیسەر گوتی:

– دەتنێرم بۆ کن داواکاری گشتی...

خاڵم برد بۆ بارەگای داواکاری گشتی. ئەو ژوورەی ئێمە روومان تێ کرد، دوای کەمێک کەسانی تریش بۆی هاتن؛ دەبوو ئەوانە داواکار و دادوەر و شتی لەو جۆرە بن. داواکار، دوای خوێندنەوەی وتە نووسراوەکانی خاڵم، کە لە پۆلیسخانە لێی وەرگیرابوو، گوتی:

– ئادەی بۆمان بگێڕەوە ئەمە چۆن ڕوویدا؟

خاڵیشم، چۆن ڕوویدابوو، ڕێک وەک خۆی گێڕایەوە.

داواکار لەسەریەک پرسیاری دەکرد:

– چۆن جنێوت دا، چۆن؟ جارێکی تریش بیگێڕەوە...

لێپرسینەوەی خاڵم لە بارەگای داواکاری گشتی چەند ڕۆژێکی خایاند. ژووری داواکار ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جەنجاڵتر دەبوو. دواجار خاڵم درایە دادگا. هاوسێکانمان لەنێوان خۆیاندا پارەیان کۆکردەوە و پارێزەریان بۆ گرت؛ بەقسەی ئەوان ئەمە باشترین پارێزەری تایوان بوو. بیستمان پاسەوان شی و قۆمیسەر و چەند پۆلیسێکیش لە کۆکردنەوەی پارەدا بۆ پارێزەر بەشداریان کردووە. پارێزەر پاش گوێگرتن لە خاڵم و جنێوەکانی، لە وەرگرتنی ئەو پارەیەی پێشتر داوای کردبوو، پاشگەز بووەوە. بۆیە ئەو پارەی بۆ پارێزەر کۆکرابووەوە، درا بە خاڵم.

ڕۆژی دادگایی کردن خاڵم برد بۆ دادگا. ئەوەندە جەنجاڵ بوو بەجۆرێک گوێگران لە هۆڵی دادگا جێیان نەبووبووە و خرابوونە ڕێڕەوەکانەوە. لەبەرئەوەی لە دانیشتنی یەکەمدا گوترابوو خاڵم دەستگیر دەکرێت، دایکم لەبن دیوارێکدا هەڵتووتابوو و دەگریا.

دادوەر رووخسارێکی گرژی هەبوو. دوای پشکنینی ناسنامەی خاڵم، گوتی تۆ تاوانبار کراویت بەوەی پڕ بەدەم جنێوت بە دامەزراوە باڵاکان و کەسانێکی زۆر داوە و لەبەرامبەر ئەم بانگەشەیە چ دەڵێیت؟ ئایا جنێوت داوە؟

پارێزەر پێی لە زەوی چەقاند و داوای لە خاڵم کرد بڵێت جنێوی نەداوە، چونکە هیچ گەواهیدەرێک نەبوو. تەنانەت پاسەوان شی-ش ئامادە بوو گەواهی بدات کە گوێی لێ نەبووە خاڵم جنێوی دابێت. خاڵم، لە وەڵامی پرسیاری دادوەردا دەمەساتێک پیشی خواردەوە و بێدەنگ بوو، دەتگوت شتێکی ناوەتە دەمی گەورەتر لەوەی بە گەروویدا بچێتە خوارێ و هەوڵ بدات ئەو شتە دەربهێنێت. دواجار شتەکەی دەرهێنا:

- بەڵێ، جنێوم داوە.

لەناو هۆڵی دادگاوە دەنگ و زەنایەک بەرز بووەوە.

دادوەر پرسی:

- جنێوت بە کێ دا و چۆنت دا؟

خاڵم جنێوی بەهەر کەسێک دابوو، بەڕیز تازەی کردەوە.

وا دیار بوو دادوەر ئاسوودە بووبوو. جنێوت بە فلان دا؟ دام. ئەدی بە فیسار؟ بەئەویش.

- بۆچی جنێوت دا، چیت گوت؟

خاڵم بە هێزێکەوە، کە لەبەرچاو گرتنی تەمەنی لێی چاوەڕێ نەدەکرا، چۆن لە سەربانی ماڵی خۆمان و لە پۆلیسخانە و لە بارەگای داواکاری گشتی جنێوی دابوو، بەهەمان شێوە

و بێ کـەمـوزیاد جنێـوی دەدا. بۆیە دانیـشـتـنەکـانی دادگـا درێژەیان خـایاند. دادوەر، دانیـشـتـنی داهاتووی خـسـتـە دوو مـانگی تر. دوای دوو مـانگ خـاڵم بردەوە بۆ دادگـا. لە نووکەوە دەست بەهەمان ئەو شتانە کرایەوە. دادوەر گوتی:

– هیچ گەواهیدەرێکت هەیە گوێی لە جنێوەکانت بووبێت؟

خاڵم گوتی:

– زۆۆۆر. لەسـەرووی هەموویانەوە پاسـەوان یوانگ شی... دواتر سـەرجەم هاوسـێکان. لەبەرئەوەی هاوین بوو، گشت هاوسێکان لە سەربان بوون.

پاسـەوان شـی و خاڵم چوونـە بەرامبـەر یەک و لە ئێـوارەی ڕۆژی یەکەمدا چۆن دووابوون، سەرلەنوێ گشتیان دووبارە کردەوە؛ ڕێک وەک ئەوەی لەسەر شانۆ بن.

لە دانیشتنەکانی دواتری دادگادا هاوسێکان وەک گەواهیدەر بانگ کران. دادگایی کردن درێژ دەبووەوە و دەڕۆیشت. ئەو پارێزەرە نـاسـراوەش دەیگوت تێ ناگـەم بۆچی دادوەر ئەم دادگایی کردنە هێندە درێژ دەکاتەوە. کێشەکەی خاڵم دوو ساڵ زیاتری خایاند، کەچی هەر بەئەنجام نەگەیشت. بەدەرچوونی لێبووردنی گشتی، کێشەکەی خاڵیشم کۆتایی پێ هات.

خـاڵم، بێ ئەوەی زەوقی خـۆی تێک بدات، هاوین لـە سـەربان و زسـتـانانیش لەو ژوورەی تەندووری تێدابوو، ئارەقی ئاوی برنجی دەسـتکردی دایکمـی دەخواردەوە. شـەوێک، لێوانی ئارەقـەکە بەدەسـتـیـەوە لار بووەوە و مرد. ئاپۆڕەیەکی بێ هاوتا بەشداری پرسـەکەی بوون. جگە لە هاوسێکانی گەڕەکی خۆمان، دانیشتووانی گەڕەکەکانی تریش هاتبوون. بێگومان پاسەوان شـی–ش ئامادە بوو و زۆریش دەگریا. قۆمیسـەر و پۆلیسـەکانیش لەوێ بوون.

گشـت ئەوانەی لەوێ بوون، –ئەگـەرچی هەمـووشـیـان دەیانزانی– باسـی ئەوەیان دەکرد خاڵم مرۆڤێکی چەند جنێوفرۆش بووە و جنێوەکانی ئەویان بەیەکدی دەگوتەوە.

................................

چیـڕۆکێکی چینی: خاڵە شـیـان ڤـوو: مـانگرتنی گەورە _ کۆمـەڵە چیـڕۆک، چاپی دووەم ٢٠٠٣، وەشـانخانەی ئادەم، ئەستەنبوڵ – تورکیا

# وڵاتێکی چەند خۆشە!

بڕیاربوو لە نێوان دوو وڵاتی هاوسێدا گرێبەستێکی بازرگانی واژۆ بکرێت، بۆ ئەو مەبەستە، شاندێکی بازرگانیی ئەم وڵات چووە وڵاتەکەی تر. سەرۆکی شاندی بازرگانیی میوان ڕاپۆرتی ڕۆژانەی بۆ وڵاتی خۆی دەناردەوە. لای خوارەوە دەقی وەرگێڕدراوی ڕاپۆرتەکانی ڕۆژانە دەبینن.

٣ ئادار ١٩٠٠

کاتێک لە باڵەفڕکە دابەزین، جگە لە کارمەندانی گومرک، کەسی تر پێشوازیی لێمان نەکرد. کارمەندان کون و کەلەبەری باوڵ و جانتاکانی ئێمەیان پشکنی. ئەگەرچی گوتمان ئەم ڕەفتارە پێچەوانەی پرۆتۆکۆڵە، ئێمە شاندی بازرگانین و نابێت جانتاکانمان بپشکێندرێن، بەڵام نەمانتوانی ئەمە بەرینە ئەقڵی کارمەندانی گومرکەوە. بەڵگەنامەکانمان پێشان دان، پارەی نەکرد، دوای پشکنین، دوو سەعات چاوەڕێمان کرد. نەماندەزانی چ بکەین، چونکە کەس بەلامانەوە نەهات. لەوەدا بووین بۆ شەو لە هۆتێلێک جێگە بۆ خۆمان بگرین، لەو کاتەدا ئاپۆرەیەکی پێنج سەت کەسی هاتنە پێشوازیمان. بەڕێزی سەرگەورەی پێشوازیکەران گوتی:

"ئێمە وامان دەزانی ئێوە لە ڕێی دەریاوە دێن، بۆیە لە بەیانییەوە لە لەنگارگا چاوەڕێمان کرد."

لە وەڵامدا گوتم:

"بەڕاستی قسە خۆشن!"

هەڵبەتە مایەی بڕوا پێ کردن نەبوو ئەم بەڕێزە نەزانێت لە وڵاتی ئێمەوە ڕێگای دەریایی نییە. زۆر بەئەدەبەوە داوای بووردنی کرد:

"وایانزانیوە لە خۆمانن. هەواڵی هاتنی باندێکی قاچاخچییان پێ گەیشتبوو." پاشان بەپێکەنینەوە لێی زیاد کرد:

"ئێوەیان بەبێگانە نەزانیوە، حسێبی خۆمانتان بۆ دەکرێت."

"سوپاستان دەکەین."

بەڕێزی سەرگەورەی پێشوازیکەران گوتی:

"تەنیا بە پێنجسەت شەشسەت کەسەوە توانیمان بێینە پێشوازیتان."

بێ ئەوەی هەلم بداتێ بپرسم "بۆچی ئەم ئاپۆڕەیە گەورەیە؟"، ئەو گوتی:

"چونکە رۆژنامەنووسان چوون بۆ پێشوازیکردنی ئەکتەرێک کە لە ئەمریکاوە دێت. بەڕێز پەرلەمانتار لە گەشتی بانگەشەی هەڵبژاردنە، بەڕێز راوێژکار چووە بۆ بەشداریکردن لە تەدارەکی کردنەوەدا، بەڕێوەبەری گشتی لە بەنداوە، پارێزگار چووە بۆ پشکنینی بازاڕ، بەڕێوەبەری پرۆتۆکۆڵ لە گەراج سەرۆک وەزیران بەڕێ دەکات، هەردوو بەڕێوەبەری نووسیاران و مافناسانیش ئەم بەیانییە خانەنشین کران، بەڕێوەبەری قەڵەمی تایبەت بەپێویست زانرا مۆڵەتی بدرێتێ، جێگری بەڕێوەبەر لەبەر هۆکاری تەندروستی دەستی لە کار کێشایەوە. هەیە و نییە، من هەم. بۆیە بەم ژمارە کەمەوە هاتین، ئەگەرنا، بەنیازبووین بە پازدە هەزار، بیست هەزار کەسەوە پێشوازیتان لێ بکەین."

لێم پرسی:

"ئەدی ئێوەی بەڕێز و پایەبڵند کێن؟"

"من نوێنەری سکرتێری بریکاری بەڕێوەبەری لقی یەکی بەڕێوەبەرایەتیی بریکاری راوێژکارم. ئەگەر نەکەومە بەر فەرمانی ڕاوێژکار، لەبەر هۆکاری تەندروستی دەست لە کار نەکێشمەوە، مۆڵەتی ناچاریم نەدرێتێ، بەهۆی هەلومەرجی کارەوە پۆستەکەم لێ وەرنەگیرێتەوە، کۆتاییی بە کار و خزمەتم نەهێندرێت، ئەوا لەم خوولەکەدا بەم کارەوە سەرقاڵم."

بەدەم سواربوونمانەوە لە ئۆتۆمبیلەکان، گوتی:

"تەدارەکی پێشوازیکردنمان لە کەناری دەریا سازدابوو. ئێستا با گشتمان پێکەوە بچین بۆ ئەوێ. دوای برانەوەی تەدارەکی پێشوازیکردن، پشوو دەدەن."

لە کەناری دەریا لە ئۆتۆمبیل هاتینە خوارێ. سواری بەلەم بووین و چووینە سەر پشتی یاختێک لە دەریادا. لەبەر ئەوەی یاختەکە نەیدەتوانی لە لەنگارگا نزیک بێتەوە، ئێمە بەسوارییی بەلەم بۆی چووین. کاتێک یاختەکە کەوتە جووڵە، کەشتیی بەئالا خەملێندراو هاتن بەپیرمانەوە. لە کەناری دەریاوە چل دانە تۆپ تەقێندران.

دیسان هاتینەوە بۆ کەناری دەریا. کچانی تەمەن بیست ـ بیست و پێنج سالانی بچووک (!) چەپکە گوڵیان پێشکێشمان کرد. بەژێر چەند تاقێکدا تێ پەڕین لەسەریان نووسرابوو "بەخێر بێن!" و بەڕووەکی گسک و لکی داربەڕوو ڕازێندرابوونەوە. لەو دەمەدا ئاژەڵ لەبەر پێماندا سەربڕدران. بەدەم چەپڵەڕێزانەوە گەیشتنە هۆتێلی شوێنی حەسانەوەمان.

٤ ئادار ١٩٠٠

له هۆتێل کـەوتینه بـەر شـالاوی ڕۆژنامـەنووسـان. وێنەی زۆریان لێـمـان هەڵگرتەوە، پرسیاریان کرد:

"وڵاتی ئێمەتان پێ چۆنە؟"

ئێـمـەش، وەک ئەوەی هـەمـوو جـارێک لە گـشت سـەردانێکمـاندا بۆ وڵاتـانی دواکـەوتوو دەیکەین، گوتمان:

"بێ وێنەیە... نایابە... وەک بەهەشت وایە... سەرمان لە گەشەسەندنەکانتان سوڕماوە، ئێمە دەتوانین دەرزی زۆرتان لێوە فێر بین."

یەکێک لە ڕۆژنامەنووسان لە منی پرسی:

"هەرە زیاد چیتان بەدڵ بوو؟"

منیش لەبەر ئەوەی پێـشـتـر فـێـر بـووبووم بە چ جـۆرێک وەڵامی بـدەمـەوە دەبێـتـە هۆی دڵخۆشبوونی، گوتم:

"گیانمان بەسەر شیشی کەباب و دۆڵمە و هەروەها پاقلاوەتانەوە دەردەچێت."

ڕێک لە کاتێکدا خەریک بوون دەڕۆیشتن، یەکێک لە ڕۆژنامەنووسان پرسیاری کرد:

"ئێوە گەمەی چی دەکەن؟"

گوتم: "حەزم لە یاری نییە." بەسەرسوڕمانەوە سەیری رووخسارمی کرد.

گوتم: "بەڕاستیمە، لە ژیانمدا هیچ گەمەیەکم نەکردووە."

رووی لە برادەرێکی تری ئەندامی شاندەکەمان کرد:

"ئێوە یاریی چ دەکەن؟"

پاش ئەوەی ئەویش گوتی گەمە ناکات، ڕۆژنامەنووسەکە ڕووی لە یەکێکی تر کرد:

"کێ لە گەمەی تۆپێندا یاری دەکات."

گوتمان: "تۆپێنی چی؟"

"مەگەر ئێوە تیپی تۆپی پێی ماگسۆنار نین؟" لە ژیانمدا مرۆڤی وا قۆشمە و قسە خۆشم نەدیبوو. یەکێکی تریان گوتی:

"نا کوره، ئەمـانە تیـپی تۆپین و شـتی لەو بابەتە نین. ئەمـانە تیـمی زۆرانبـازانین و لە مۆناکۆوە هاتوون..."

ڕۆژنامەنووسێکی تریان گوتی:

"نەخێر بابە، مەگەر شێوەی پیاوەکان نابینن؟ ئاشکرایە ئەمانە ئەکتەرانی ئۆپێران و لە هۆنۆلولوەوە هاتوون..."

پاش ئەوەی بۆ ڕۆژنامەنووسانمان ڕوونکردەوە کە ئێمە شاندی بازرگانین، ئەمجار گوتیان:

"ئەگەر وایە، ئەدی بۆچی لە بەیانییەوە ئێمەتان بەخۆتانەوە سەرقاڵ کردووە؟"

داوای لێبووردنمان لێیان کرد.

٥ ئادار ١٩٠٠

میواندرییەکەی دوێنێ زۆر بەکەیف و سەفا بوو. دوای نان خواردن، بەڕێزێک هەڵسایە سەرپێ و باسی پێوەندیی کولتووری، بازرگانی، مێژوویی، جوگرافی، کۆسمۆگرافی، کیمیایی و بیرکاریی نێوان هەردوو وڵات و چارەنووسی هاوبەشی هەردوو گەلی کرد. لەسەر شەرەفی ئێمە پێکی بەرز کردەوە. لەو دەمەیدا لەپڕ کارەبا کوژایەوە. دوای دۆشدامانێکی کورت، هەمووان دەرپەڕینە دەرەوە. ئێمە سەرمان سوڕمابوو لەوەی بەسەرمان هاتبوو. سەرلەبەریان هاواریان دەکرد:

"بەرکەوتن!... بەرکەوتن!..."

سەرەتا پێم وابوو ئەمەی بەسەر ئێمە دێت، نەریت، گاڵتە، یاخۆ کتوپڕییەکی ئەم وڵاتەیە. دوای تاوێک کارەبا هاتەوە. بەڕێزێکی زۆر هەستیار گوتی:

"زۆر بمانبوورن. پێمان وابوو تەلی کارەبا بەریەک کەوتوون، چونکە جاروبار شتی وا ڕوودەدات. کەچی تەل بەریەک کەوتن نەبوو."

لێم پرسی: "ئەدی چی بوو؟"

گوتی: "ئەمجارە کارەبا شۆرتی کرد."

دیسان دەستمان کرد بەخواردن و خواردنەوە. جارێکی تریش گڵۆپەکان کوژانەوە. سەرلەنوێ بوو بە راکەڕاکە و جرت و فرت. لە تاریکییەکەدا یەکێکم گرت و لێم پرسی:

"تەلی کارەبا بەریەک کەوتوون، یاخۆ شۆرتە؟"

گوتی: "هیچیان نییە، ئەم جارە کارەبا بڕا."

"چەند دەخایەنێت؟"

"نازانرێت. جاری وایە زۆر دەخایەنێت، بەڵام جاری وا هەیە لە ماوەی دوو سەعاتدا

دێتەوە."

خوا نەیبڕێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤی زۆر بەتەگبیرن، یەکسەر لۆکسی گاز هات، بەڵام لۆکسەکان گازیان تێدا نەبوو. لەگەڵ داگیرساندنی مۆمی ناو مۆمدانەکاندا کارەبا هاتەوە.

٦ ئادار ۱۹۰۰

دوێنێ شەو تا گزینگی بەیان چالاکیی هونەریمان بۆ سازکرا، گۆرانی گوترا، ساز لێدرا، ڕاستییەکەی، زۆر خۆش ڕامانبوارد.

١١ ئادار ۱۹۰۰

دوێنێ ئێمەیان بە مۆزەخانە و شوێنی پەیکەرەکاندا گێڕا. ئەمڕۆ بە کارگە تازە کراوەکاندا گەڕاین. سبەینێش بە شاردا دەمانگەڕێنن. هێشتا هیچ قسەیەک سەبارەت بە گفتوگۆی بازرگانی لە ئارادا نییە. ئێمەش هیچ ناڵێین، دەڵێین نەوەک شوورەیی بێت.

١٦ ئادار ۱۹۰۰

هەرچەند هەوڵم دەدا نەمدەتوانی بیریان بخەمەوە کە ئێمە بۆ واژۆکردنی گرێبەستی بازرگانی لێرەین. لەم رووەوە چاوەڕێی فەرمانی بەڕێزتان دەکەین. دوێنێ شەو لەسەر شەرەفی ئێمە خوانێکی شاهانە ڕێکخرا و تا دەمەوبەیانیی خایەند. ئەمڕۆ دەمانبەنە قوتابخانەکان، ئێوارەش لە شوێنێکی تر بۆ خواردنی ئێوارە بانگهێشت کراوین.

١٩ ئادار ۱۹۰۰

دوێنێ لە نیوەی شەودا بە بیست و شەش ئۆتۆمبیل چووینە شوێنێک پێی دەڵێن سولوکولە. تا گزینگی بەیان بەزممان گێڕا. ئێستا بەدەم خەوەنووتکەوە ئەم راپۆرتەتان بۆ دەنووسم.

٢٠ ئادار ۱۹۰۰

رۆژانی سەرەتا گومانم دەکرد هەوڵ بدەن بە ئاهەنگ، سەما، بانگهێشتکردن و خواردنەوە گێژمان بکەن و پاشان لەسەر مێزی گفتوگۆ قۆڵمان ببڕن، بەڵام بەهەڵەدا چووبووم. ئەوە ماوەی سێ هەفتەیە لێرەین. هیچ کەسێک تەنانەت بە وشەیەکیش باسی گفتوگۆ ناکات.

٢٥ ئادار ۱۹۰۰

ئەمڕۆ لە بەڕێوەبەری گشتیم پرسی کەی گرێبەستەکەمان واژۆ دەکەین. سەری سوڕما و گوتی:

"گرێبەستی چی؟"

گوتم: "گرێبەستی بازرگانی."

لەبەر ئەوەی هەر بەتەواوەتی سەری سوڕما، بابەتەکەم لە نووکەوە بۆ شی کردەوە. ئەوسا گوتی:

"ئای، ئێوە شاندی بازرگانین؟ ئێوەمان لەگەڵ شاندی خێرخوازی وڵاتێکی تردا لێ گۆڕاوە."

ئێوارە دیسان لەسەر شەرەفی ئێمە میواندارییەکی تر ڕێکخرا و خوان رازێندرایەوە.

١ نیسان ١٩٠٠

دوێنێ شەو سێ کەس لە ئەندامانی وەفدەکەمان زۆر سەرخۆش بوون. ئێمەش فێری ژەنینی ساز و کەمانچە بووین. لە کاتی ئاهەنگ و خواردن و خواردنەوەدا دەجرتێنین، هەڵدەبەزینەوە و سەما دەکەین. جارێکی تریش بابەتی بازرگانیم هێنایەوە بیریان.

گوتیان: "ئاسانە گیانەکەم. ئێمە بەڕوو، تووتن، لۆکە و فستقتان پێ دەفرۆشین. ئێوەش قاوەمان پێ بفرۆشن."

گوتمان: "لەکن ئێمە قاوە سەوز نابێت."

گوتیان: "ئێ ئەگەر وایە، گەنممان پێ بفرۆشن!"

گوتمان: "ئێمە خۆمان شەش مانگ لەمەوبەر گەنممان لە ئێوە کڕی."

گوتیان: "زیانی نییە. زیادەکەی بە ئێمە بفرۆشنەوە." مرۆڤی زۆر قۆشمە و قسە خۆشن.

ڕۆژی دواتر وێنەمان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە. لە ژێریدا نووسرابوو:

"لەگەڵ وڵاتی هاوسێدا گرێبەستی بازرگانی واژۆکرا. دیسان قەرزێکی ٥٠٠ ملیۆن دۆلارییان وەرگرت. لەبری ئەوە، هەندێک شتی زۆر پێویستی وەک بۆیاخی لێو، بەردی گەمەی هەڵماقۆن، بزماری ناڵ و لاستیکی دارلاستیکمان بۆ دەنێرن."

٢٠ نیسان ١٩٠٠

فەرمانی بەرزی بەڕێزتانمان بۆ گەڕانەوە پێ گەیشت. بەڵام ئەندامانی شاندی بازرگانیمان بەجۆرێک لەگەڵ کەش و هەوای ئەم وڵاتەدا راهاتوون کە ئیدی گەڕانەوەمان مەحاڵە. دەخۆین، دەخۆینەوە، کەیف و سەفا و سەما دەکەین. بۆیە بەڕێزەوە پێتان رادەگەیەنین: رامان گۆڕی و بڕیارمان دا لەم وڵاتە خۆشە بمێنینەوە!